بۆکـــورتی38: ناشـــاعیربوون... شاعیربیرمەنـــدمان پـــۆیستە.. ئازاد حەمە

پۆیستمان بەو ئەزموونە شیعرییانەیە، کە سەمەرەیی دەخەنە ناو ئەزموونی ئەدەبیمانەوە، کە بەهۆیەوە پرسیاری چیەتیی شیعر پرسیاری چییەتیـــی شـــاعیربوونیش دروســـتدەکات. لـــەرەوە دەگەینە ئەو تەماشاکردنەی، کە شاعیربیرمەندمان پۆیستە، نەک شاعیری بە بیر. چونکە شاعیرنابیرمەند هیچی پێنییە بە گوتن و وشەسازییەکانیشی شتێکی ئەوتۆ بەرهەمناهێنێت.

شاعیرهەرزەقان شاعیرە بووناوییەکان(تراکل Trakl، ڕیلکە Rilke، سیلان Celan و ..)،کە شیعرەکانیان زۆرێک لە بیرمەندانیان بەخەیانەوە سەرسام کردووە. شیعری شاعیرانی بوونـاویی جۆرە خەسڵەتێکیان تێدایە، کە شیعری تر دەخەنەوە و ئاسۆش لەبەردەم شیعری دواتردا دەکەنەوە. لەناو شیعری شاعیرانی هزرەقاندا مەرامێک بوونی هەیە، کە بووناوییە، کە پۆیستی بە پەیپەبردنە. هاوکات ئەستەمیەک لەناو شیعری شاعیربیریارەکاندا پەنهانە، کە پۆیستە بدرکێنرێت، کە گوتنی نەگوتراوی تیابدیدکرێت. .

شیعر بە هەیە؟ لە نەستی شیعردا چی پەنهانە؟ ناشاعیر کێیە؟ ناشاعیرەکان شاعیرە بە هزرەکان نییـن؟ ئەی شاعیرهزرەقانەکان کێـن؟چۆن لەڕگای شیعرەوە هـزردێتەبەرهەم؟چۆن شاعیر هزرەقانی پیادەدەکات؟ چیرەکی مەراق گەڕانەوە لە شیعردا بەهەموو شاعیرێک دەکرێت؟ چۆن دەکرێت ڕەفتار لەتەك هزری شاعیرێکی هزرەقاندا بکرێت، کە بە بەدەنگی، بە هەمنی و هیچگەرایانە ڕووداو و گەڕانەوەکان دەهەنتەوە و لە ڕەگەی ئەوانیشەوە هزرەقانی پیادەکات؟ تەهزرین لەناو شیعردا واتە چی؟ ئەی چۆن شتە لەکیسچووەکان (وون و بزرەکان) بەهەی شیعرەوە بەدەستبهێنین؟ گەر لە شیعردا شوێنێک بە سازدانی بیرکردنەوەی فەلسەفیی بوونینەبێت،کەواتە شیعر چیی لەسەوزدەبێت؟ ناشـاعیر non poet کێـە؟ناشـاعیر ئەو کەسـەیە(ئەو شـاعیرەیە)کە شیعری هزرەقانی نانوسێت، یان هزرەقانیناکات بەسەر شیعرنوسینەوە. کەمەڕگە کە پێ بـوو لە ناشاعیر، ئیـدی کەمەڕگە وردە وردە نـوقمی ناجوانیناسـی دەبێت.بەڕام دەربـازبوونی کولتـورێک لە شیعـری ناشاعیرەکان ئاسان نییە.

ئەی شاعیرهزرەقانەکـان کێـن؟ ئەوانـن کە فەلسـەفە (بیرکـردنەوەی

فەلسەفیی) دزەدەکاتە ناو شیعرەکانیان، ئەوانەی هزرەقانئاسا شیعردەهۆنەوە. ماتریالی شیعریی شاعیرهزرەقانەکان جودایی ، بەدەنگیی، تەنهایی، مەرگ، تارمایی، دابڕان، خەمەکی، هاوکێیەتی و زەرەک چەمکی هەستیاری ترن. ئەم جۆرە شاعیرانە چ جۆرە شاعیرێکن؟ ئەبەتە ئەوانەن، کە بەهای شیعرەوە دیدگای نوێ دەخەنەوە؛ جا دیدگای نوێ بێت بە وێنەی شیعریی یان زمان. هاوکات بینینیان بە جوانکاری کانگای هزرەقانی پێکدەهێنن، وەکیتر وەک زمانەوانیش قبووڵیان؛ ڕەنە شار، گەران، بەدڵەر ، سەهراب سپەهری یان سیلان لەو جۆرە شاعیرانەن.
کاتێکیش مەریس بلانشۆ لە هوانگەی شیعریی ڕەنێ شار دەدوێت بەمجۆرە دەتگۆ: کارەکانی نموونەیەکی سەرکین لەسەر شیعری مەدێرن، کە بەڵایەنە بنەماتییەکانی زمان(بەدەنگی لە زماندا)، نەبوون و پێوەندی ڕووشتی بە ئەویترگرییەوە سەرقاڵە. دەبینین بلانشۆ، شار شانبەشانی مالارمە و هۆدرلین بە خاڵی وەرچەرخان لە ئەدەبی مەدێرن و کاریگرییە فەلسەفییەکانی دەناسێنێت.
سەرباری ئەوەی گوترا، ئەوەش دەبێن، کە شیعرێک کە دیلی خۆی و دوچاری خورپەی هزرییمان نەکات شیعر نییە. بۆیە پێویستە مەراقی ئەو شیعرانەبیین ئەو شتانەمان بۆ دەگێڕنەوە کە لەمانوونە، کە تامەزرۆیانین بیانبینینەوە. تەنیا ئەو شیعرانە دەرەقەتی گێڕانەوەی شتە لەکیسچووەکانمان دەن،کە شاعیربیریارەکان دەینووسن. چونکە شیعر یەکێکە لە نهێنیەکانی بوونمان، شاعیربوونیش بەشێکە لە هەقایەتی بوونمان!
لەناو شیعری شاعیرە هزرەقانەکاندا گێڕان شتێکی پێشمەرجە، ئەبەتە گێڕانیش شێوازان و گومان دەکات بە بنکە بە تێگەیشتن لە شتەکانی ناو بوون و ژیانمان. لەبەرئەوە، بەپێی بینینی ئەمە، بڕگ لەو ئەدەبانەی سەرکەوتنی نێك هەر ئەدەبی، بڕگو هزریشیان وەدەستنەهێناوە ئەو ئەدەبانەن، یان چاترە بڵێین ئەو ئەزموونە ئەدەبیانەن، لەتێك خۆخواردنەوە و گێڕاندا دەستەملان نەبوونە، بۆ؟چونکە ئەدەبی هووکش ناتوانێت بە گوتنی سادەی بە ناواخن و دووبارە دونیایەکی هزری ئاڵۆز دروستبکات. ئەمەیش وادەکات ئەو هزرەی لە پشت ئەو ئەدەبەوە بووە ئەزموونکی نێك هەر ئەدەبی، بڕگو هزریش نەخوەقێنێت.
لەرە زەر دوور نارێین گەر بڵێین ئەزموونی ئەدەبی کافکا Kafka ، مالارمە Mallarmé، ێیلکە ، ئارتە Artaud،لەو جۆرە ئەدەبەن ئەزموونیان خستووەتەوە و هزرکیان لەپاش خۆیان وگێڕخستەوە، هەر ئەو هزرەشە ئەمڕۆ کارە ئەدەبییەکەی وێك ئەزموون قوتکردووەتەوە و واشی لە بیرماند و ێوناکبیرە ڕۆژئاواییەکان کردووە هزرەقانی

بەسەر ئەو جۆرە ئەدەبەوە بکەن، کەسانێکی وەک کافکا، مالارمە، ڕیلکە، ئارتە وسد هتد لەپاش خۆیان بەجێیانهێشتووە و ئێستاش وەک ئەزموونێک لە تێڕامانی فەلسەفی تەماشاکرێن. لەرەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی بڵێین: تەنها ئەو ئەزموونە ئەدەبیانە دەبنە شوێنی تەهزرینی بیریاران، کە لەخودی خۆیاندا هێگری تووخمی هزرین.
کەتا گوتنمان لەسەر پەیوەستی بە شاعیرەبیرمەند ئەوەیە، کە هزرکاریی لە ئەدەبدا کارێکی سانا نییە و گشت ئەدەبی میلەتانیش وەک یەک نەیتوانیووە بەو ئەرکە هەستن. ئەدەب، کە بە ئاقاری هزرکارییدا بەوات بەدنیاییەوە شتێک دەخاتە سەر خەرمانەی هزر، کە ئەویش لەوسەرەوە کردەی فەلسەفەکردن بەپێتدەکات. ئەدەبی لەم شەوێڕە، واتە ئەدەبی هزریی، ئەدەبێک دەهەنتەکایەوە، کە لە کناری فەلسەفەدا پشودەدات. چیەتیی ئەدەبیی لەم جۆرە دەکرێت بگوترێت، چیەتیی فەلسەفە، یان هزریش، لەگەڵ خۆیدا دەوروژێنێت. ئەدەبی فەلسەفیی، پاستڕناک، بەدلەڕ، یان لەتریامون بەنموونە، ئەدەبێکە پرسیاری هزریی دروستدەکات و دەچێتە خانەی ئەدەبی نەگوتراوەوە. چیەتیی ئەدەب، هەرەک چیەتیی فەلسەفە، پرسیارە لەسەر هەچڵەک و چەنێتیی داهەنانی هزر.
مایەوە ئەوەش بگوترێت، کە ئەو جۆرە خوێندرانەی بە مێژووی ئەدەبی نوێی هەژئاوا ئاشنانیین، ئەوانەش کە بەئاگان لەوەی، کە زەدی ئەدەبی هاوچەرخی ئێمە لە هزری فەلسەفیی هەنجاوە بە ئاسانی لە لوغزی هزریی و ئەدەبی بینینە هەخنەییەکانی ئەو گوتنامان حاڵینابن، کە لایسەرەوە هەمایبەکرا. بەیە ئەو جۆرە ئەدەبەی ئێستا زەرەک کاری تیادەکات ناکارێت پرسیاری چیەتیی شیعر بکاتە بەشێک لە خەمە ئەدەبییەکانی.

ئازاد حەمە
پرۆفیسەر لە فەلسەفە لە زانکۆی سلێمانی